مسوڵمان نابێتە میراتگری کافر، وکافریش نابێتە میراتگری مسوڵمان

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«مسوڵمان نابێتە میراتگری کافر، وکافریش نابێتە میراتگری مسوڵمان».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە نابێت میرات وەرگرتن هەبێت لە نێوان مسوڵمان وکافردا، چونکە پەیمان وپەیوەندی ئیسلام بەهێزترین پەیوەندی وپەیمانە، بۆیە ئەگەر ئەم پەیوەندییە پیرۆزە درزی تێبکەوێت ونەمێنێت لە ڕەچەڵەکدا؛ ئەوا پەیوەندی خزمایەتی وڕەچەڵەکیش تێکدەچێت ونامێنێت، ونەمانی ئەم پەیوەندیە واتا قەدەغەکردن وحەرامکردنی میرات وەرگرتن، کە ئەمیش بنیاتنراوە لەسەر دڵسۆزی (موالاة) وسەرخستن (النصر).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64716